# ڕێبەری حەوتەم - وانەی ٢٦

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) لۆقا |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (لۆقا ٤: ٣١- ٧ : ٥٠) لەگەڵ ڕەچاوکردنی کات باشترە بەشداریکردنەکان کورتخایەن بن .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) خۆشت بوێ وبەڕێوەی بەرە. ئەفەسۆس ٥: ٢٣، ٢٥ |

بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **پێداچونەوە** بکەن : خۆشت بوێ وبەڕێوەی بەرە. ئەفەسۆس ٥: ٢٣، ٢٥ .

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) یۆحەنا ١١: ١- ٥٧ |

**پێشەکی** :

یۆحەنا ١١ ( یۆحەنا ١٠: ٤٠ – ١١: ٥٧ ) پێناسەی خزمەتی خوداوەند عیسای مەسیح دەکات لە بیریە ( لۆقا ١٣: ٢٢- ١٩: ٢٧) وە بەیت عەنیا لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٩ ی زایینی ، تا مانگی فیبرایەری ساڵی ٣٠ زایینی ( سێ مانگ) .

لە یۆحەنا ١١: ١- ٤٤ عیسا دەستی کرد بە ئەنجامدانی گەشتێك لە ئەوبەری ڕوباری ئوردونەوە تا بەیت عەنیا ، کە نزیکە لە ئۆرشالیم ، بۆ هەستانەوەی لەعازەر لە مردن . هەستانەوەی لەعازەر لە مردن نیشانەو پەرجوویەك بوو لەهەموو نیشانەو پەرجوەکانی دیکە مەزنتربوو ، چونکە سەلماندی کە عیسای

مەسیح بە ڕاستی مەسیای چاوەڕوانکراوە . هەروەك چۆن زۆرکردنی نان نیشانەبوو لەسەر ئەوەی عیسای مەسیح نانی ژیانە ( یۆحەنا ٦: ٣٥) وە پەرجوی چاکردنەوەی نابیناکە نیشانەبوو لەسەر ئەوەی عیسای مەسیح ڕوناکی جیهانە ( یۆحەنا ٨: ١٢) ، بەم شێوەیە نیشانەی هەستانەوەی لەعازەر لەمردن نیشانەبوو لەسەر ئەوەی عیسای مەسیح هەستانەوەو ژیانە ( یۆحەنا ١١: ٢٥) . ئەم پەرجوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وای کرد کەنیشتی جولەکە بڕیاری فەرمی دەربکەن بۆ کوشتنی عیسای مەسیح ( یۆحەنا ١١: ٤٧ – ٥٥).

| |
|---|
| **هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا** |
| پێکەوە یۆحەنا ١١: ١- ٥٧ **دەخوێنینەوە** . |
| بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە . |

| |
|---|
| **هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان** |
| **بیربکەوە** . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟ |
| **بنوسە .** یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا . |
| **بەشداری بکە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن ). |
| هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە . |
| (لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن). |

**یۆحەنا ١١: ٩- ١٠**

<u>**ئاشکراکردنی ١: ئەو کاتەی خودا دەیبەخشێ بۆ تەواوکردنی ئەرکێك لە خوداوەیە.**</u>

قوتابیەکان سەیری بارودۆخەکەیان کرد و هۆشداریان دا بە عیسا لە گەڕانەوە بەرەو یەهودیا ، چونکە لەوێدا جولەکە هەبوون دەیانویست بیکوژن . بەڵام عیسا وەڵامی دانەوە کە هەموو ڕۆژێك ڕێژەیەکی جێگیری هەیە لەکات و تیایدا ڕوناکی ڕابەرایەتی دەکات . بۆیە دەبێت مرۆڤ بڕوات کاتێ ڕوناکی هەیە . عیسا مەبەستی لەوەبوو کە خودا کاتێکی تایبەتمەندو دیاریکراوی داوەتێ بۆ تەواوکردنی کارەکەی لەسەر زەوی ، وە ناکرێ ئەم کاتە درێژ بکرێتەوە بەهیچ پێوەرێك لەو پێوەرانەی قوتابیەکان پێیان خۆشە بەکاری بهێنن ، وە ناکرێ کورت بکرێتەوە بەهۆی یەکێك لە پلانەکانی دوژمنانی . چونکە خودا خۆی گەورەی کات ڕێکخستنە ، وە ئەو کاتەی کە دیاری دەکات و تایبەتمەندی دەکات بۆ هەر مرۆڤێك ، بارودۆخی مرۆڤەکە لەسەر زەوی ناتوانێ بیگۆڕێ ! خودا کاتێکی تایبەت ودیاریکراوی پێم بەخشیوە بۆ ئەوەی بژیم لەسەر زەوی و ئەو کارانە تەواو بکەم کە خودا پێی بەخشیوم . تا من لەڕوناکی و پلانی خودا بم ئەوا هیچ پێویست ناکات بترسم لەهیچ مرۆڤێك و هیچ بارودۆخێك ، وە ئازارەکان چۆکم پێدانادەن و شکستم پێناهێنن ! ئای لەم دڵنیاییەی هەمانە ئەگەر بزانین خودا لە سەرتەختی خۆیەوە کاروبارەکان ڕێکدەخات بۆ هەر مرۆڤێك و بارودۆخەکەی .

**یۆحەنا ١١: ٣٣- ٣٥**

**<u>ئاشکراکردنی ٢: ئەو شێوازەی کە عیسا پێی دەجوڵاو کاری پێدەکرد بە ڕۆحی .</u>**

پێش ئەوەی عیسا بگاتە جێ لەعازەر مردبوو کاتێ عیسا بینی مریەم وجولەکەکان بۆ لەعازەر دەگریەن ، " کاری لە ڕۆحی کرد و خەمبار بوو. " <u>واتای زمانەوانی بۆ وشەی یەکەم " کاری لەڕۆحی کرد " یان بێزاربوو لە ڕۆح</u> ئەوەیە کە "وەك ئەسپ حیلانی " یان " توڕەو بێزاربوو بەهۆی ناڕەزایەتی ." چونکە کاتێ عیسا خەڵکەکەی بینی دەناڵێنن ، پڕ بوو لە توڕەیی ! بۆچی ؟ عیسا توڕەبوو لە گوناهە ، چونکە گوناهە هۆکاری ڕاستەقینەی پشت ناڵەو مردن ودڵتەنگیە . بەڵام عیسا " بەڕۆح بێزاربوو " . ئەم وشەیەش گوزارشە لە سۆزداری نەك توڕەیی . لەبەرئەوە ، واتای مەبەستدار لەمە ئەوەیە " کاری کردە ناخی بەوپەڕی سۆزەوە " یان " دڵی پڕ بوو لە خەم " بەرامبەر بەو خەڵکەی ئازاریان دەچەشت .

<u>وە واتای وشەی دوەم " خەمبار بوو"</u> ئەوەیە کە " لەرزی " و " حەپەسا " لە یۆحەنا ١٢: ٢٧ ئەم وشەیە ئاماژەیە بۆ بێزاری و خەمباری لە ناخدا . بۆیە ئاماژەبوو بۆ ئەوەی " لەرزی و خەمبار بوو بەشێوەیەکی بینراو بەهۆی بێزاربوونی لە ناخدا ." چونکە کاتێ عیسا خەڵکەکەی بینی دەناڵێنن ، ئیدی ئەویش هەروەها لەرزی و خەمبار بوو .

ئەم دوو وشەیە پێکەوە گوزراشن لە <u>توڕەیی عیسا لەسەر گوناهە کە سەرچاوەی هەموو ئازراو دڵتەنگیەکە</u> ، هەروەها گوزراشن لە <u>جوڵانی ناخی بەرامبەر بە خەڵکە ئازارچەشتوەکان</u> . لەکۆتاییدا ، عیسا گریا ، وە فرمێسکەکانی گوزارشێکی ڕاستگۆیانەو ڕاستەقینەو پڕ لە خۆشەویستی بوو بۆ خەمبارەکان . من دەمەوێ هەمان ئەو هەستەم هەبێت کە عیسا هەیبوو ، وە دەمەوێ گوزارشی پێبکەم .

وە دەمەوێ تورەبم لەسەر گوناهەو هاوسۆز بم لەگەڵ ئەوانەی خەمبارن و دەناڵێنن بەهۆی ئەنجامی گوناهەوە !

**هەنگاوی ٣**: **پرسیار** . ڕونکردنەوە

**بیربکەوە** : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە یۆحەنا ١١: ١- ٥٧ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

**بنوسە**: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

**بەشداری بکە** : ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو ).

**گفتوگۆ بکە** : ( دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە ).

(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان ).

**یۆحەنا ١١: ١٢- ١٣**

**پرسیاری ١ : باوەڕدارانی مەسیح چۆن دەڕواننە مردن و هەستانەوە ؟**

**تێبینیەکان** :

**أ. گیانی مردوو ناسوڕێتەوە بەدەوری ماڵ یاخود گۆڕدا .**

کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە گیان / ڕۆحی مردوو ناسوڕێتەوە بەدەوری ئەو ماڵەی پێشتر تیایدا دەژیا ، هەروەها ناسوڕێتەوە بە دەوری گۆڕدا . لەبەرئەوە باوەڕدارانی مەسیح ناترسن لە ڕۆحی مردوو وە قوربانی و پەرستنی بۆ پێشکەش ناکەن نە لە ماڵەوەو نە لە تەنیشت گۆڕەکەیدا و نە لە هیچ شوێنێکی دیکە . کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە گیان / ڕۆحی مردوو دوای مردنی ڕاستەوخۆ دەڕوات یان بۆ

ئاسمان یانیش بۆ دۆزەخ . وە بە پێی نامەی فیلیپی ١: ٢٣ مردنی باوەڕدار واتە ڕۆیشتن لە جیهان و گەیشتن بە مەسیح : "حەز دەکەم ئەم ژیانە بەجێبهێڵم و لەگەڵ مەسیح بژیم ."

**ب. زۆرجار "مردوو" شێوەی لە "نوستوو" دەچێت لە کتێبی پیرۆزدا.**

بۆ نمونە لە مەتا ٢٧ : ٥٢ دەفەرموێ : " گۆڕەکان کرانەوە ، زۆرێك لە لاشەی پیرۆزکراوانی نوستوو هەڵستانەوە ." ئەم هاوشێوەکردنە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەڵستانەوەو بەخەبەرهاتنی شکۆدار هەیە لەپاڵ نوستتنەکەدا . لە کتێبی پیرۆزدا ئەم بەخەبەرهاتنە ناودەبرێ بە هەڵستانەوەی لاشەی نوستوەکان . وە کاتێ عیسا فەرموی : " لەعازەری دۆستمان نوستوە ،" مەبەستی ئەوەبوو کە : " لەعازەر مردوە ، بەڵام لاشەی هەڵدەستێتەوە لە مردن !"

**ج. گیان/ ڕۆحی مردوو بێهۆشە سەبارەت بەم جیهانە .**

هەرچەندە مردوو شێوەی لە (نوستوو) دەچێت ، بەڵام کتێبی پیرۆز فێرمان ناکات کە مرۆڤی مردوو وەك نوستووە بەو واتایەی بوونی لەدۆخی تەواوەتی بێهۆشیدا . چونکە گیان هۆشی نیە سەبارەت بە کاروباری ئەم جیهانە کە بەجێی هێشتوە . گیانی مردوەکان ، وەکو ئیبراهیم و یاقوب ، ناتوانن هیچ مرۆڤێك لەسەر زەوی ببینن و بناسنەوە ( ئیشایا ٦٣: ١٦) . سەبارەت بە مردوان " نە زانین و نە دانایی نییە لە جیهانی مردووان " ( ژیرمەندی ٩: ٦- ١٠) ، ئەوان ناتوانن هیچ بزانن یان بتوانن بەشداری بکەن لەوەی ڕوودەدات لەسەر زەوی ئێستامان . هەرچەندە پیاوە دەوڵەمەندەکە ئەوەی مرد و بیری لەو پێنج برایانەی دەکردەوە کە هێشتا زیندوون ، بەڵام نەیدەزانی ئەوان چی دەکەن وە نەیدەتوانی پێیان بگات و لەپەیوەندیدا بێت لەگەڵیان . مردوو ناتوانێ هیچ پلانێك دابنێ یان هیچ کارێك بکات ، وە ناتوانن کاریگەری بخەنە سەر ئەو خەڵکانەی تا ئێستا لەسەر زەوی دەژین . وە ئەو ڕوداوەی باس کراوە لە ١ سامۆئیل ٢٨ لاسایی کردنەوەیەکی درۆزنانەو ساختەیە لەلایەن ڕۆحی خراپەکار .

**د. گیان/ ڕۆحی مردوو لە دۆخی هۆشیاری تەواوەتیدایە سەبارەت بە ئاسمان یان دۆزەخ .**

لە لۆقا ١٦: ٢٣- ٣١ دەبینین کە گیانی مردووەکان نەنوستوون بەڵکو بێدارو بەخەبەرن بەتەواوەتی ، وە بەتەواوەتی هەست بە ئازارو دۆزەخ یان بەختەوەری هەتاهەتایی دەکەن لە ئاسمان . دەبینین گیانی نوستوەکانی باوەڕدارن بەتەواوەتی هەست بەوە دەکەن کە کاروبارەکانی ئەم جیهانەیان بەجێ هێشتوە ! وە هۆشی تەواوەتی لەبەردایە سەبارەت بە خوداو مەسیح و ئەوانەی لەئاسمانن لە مرۆڤەکان وەکو ئیبراهیم . ئەوان لەلای خودا دەژین ، وە لەگەڵیدا دەدوێن وە دەیپەرستن و خزمەتی دەکەن .

**یۆحەنا ١١: ٢٥- ٢٦**

**<u>پرسیاری ٢: عیسا مەبەستی چی بوو لەوەی کە باوەڕدار هەرگیز نامرێت تاهەتایە ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

عیسا لە ئایەتەکانی ٢٥ – ٢٦ دا دەفەرموێ : " منم زیندووبوونەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت زیندوو دەبێتەوە . هەروەها هەرکەسێك کە زیندووە و باوەڕم پێ بهێنێت، هەرگیز نامرێت. باوەڕ بەمە دەکەیت ؟ "

**أ. عیسا فەرموی : " منم زیندوبونەوەو ژیان ."**

ئەمەش واتە زیندوبونەوەو ژیان گرێدراون بە تەواوەتی بە عیسای مەسیحەوە . دەکرێ ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە وەرگێڕانی بۆ بکەین : " زیندوبەوەو ژیان مەسیحە " واتە زیندوبونەوەو ژیان پەیوەستن بە مەسیحەوە . چونکە تەنها بەوەی مەسیح هەستایەوە لە مردن و بۆ تاهەتایە دەژی ئیدی باوەڕدارانی هەروەها هەڵدەستنەوە لە مردن و تاهەتایە دەژین ! عیسا سەرچاوەی هەستانەوەیە لە مردن وە سەرچاوەی ژیانی نەمریە . باسی هەستانەوەی یەکەم کراوە چونکە کردنەوەی دەرگایە بۆ ژیانی نەمری . تەنها بەوەی عیسای مەسیح هەستایەوە لە مردن ژیانی نەمری دەستپێکرد ئەوەی پەیوەندی هەبوو بە لاشە مرۆڤانەکەی . وە تەنها دوای هەستانەوەی عیسا لە مردن ئیدی هەروەها باوەڕداران دەتوانن بەشداری بکەن لە ژیانی نەمری ئەودا .

**ب. عیسا فەرموی : " ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت زیندوو دەبێتەوە."**

کاتێ لەعازەر زۆر بە قورسی نەخۆش کەوت ، خوشکەکانی هەواڵیان بۆ عیسا نارد . لەئایەتی ٤ عیسا فەرموی : " ئەم نەخۆشییە بۆ مردن نییە، بەڵکو بۆ شکۆداری خودایە، تاکو بەهۆیەوە کوڕی خودا شکۆدار بێت ." بەڵام عیسا پەلەی نەکرد بۆ گەیشتن بە بەیت عەنیا تاکو لەعازەر چاك بکاتەوە ، بەڵکو ڕۆیشتنەکەی دواخست تاکو کاتێ بگاتە ئەوێ لەعازەر چوار ڕۆژ لەوەوبەر مردبێت و لاشەی بەرەو تێکچوون و داڕزین بچێت لە گۆڕدا . بۆیە لە ئایەتەکانی ٢١- ٢٢ مەرسا بە عیسای وت " گەورەم، ئەگەر لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد. ئێستاش دەزانم هەرچی لە خودا داوا بکەیت، خودا دەتداتێ ." ئەم وشانە پلاروتوانج نەبوو ، بەڵکو گوزارشێك بوو لە خەمی و ئازارێکی قوڵ . ئەو زانی کە عیسا زۆر دواکەوتوە تاکو بتوانێ لەعازەر چاك بکاتەوە . بەڵام پێدەچێ بەهۆی ئەوەی مەرسا گوێبیستی ئەوە هەواڵە بوە کە عیسا فەرمویەتی ئەم نەخۆشیە بۆ مردن نییە ، ئیدی دڵی هیوایەکی زۆر کەمی تێدا بوە لەوەی عیسا بتوانێ لەعازەر بگەڕێنێتەوە بۆ ژیان . مەرسا ئەوەی بەدوور نەزانیوە کە دەکرێ لەعازەر هەستێتەوە لە مردن . ئەندامێکی خێزانە بچوکەکەی مردوەو دڵی لە ململانێیەکی گەورەدایە . لەلایەکەوە ئەو باوەڕی بەوە هەبوو کە لەئایندەدا هەڵدەستێتەوە لەمردن – لە ڕۆژی کۆتاییدا ، بۆیە دڵی پڕ لە خەم وپەژارە بوو لەو ڕاستیەی کە ئێستا براکەی مردوە . وە لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی عیسا پێشتر فەرمووبووی هیوایەکی هەبوو بە ڕودانی پەرجو. ئیدی تاریکی خەم و ڕوناکی هیوا تێکەڵ ببوون و لەجەنگدا بوون لە ناخ و دڵیدا .

لەوکاتەدا عیسا فەرموی : " ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت زیندوو دەبێتەوە ." ئەم وشانە زیاتر لەوەی لەخۆ گرت کە مەرسا باوەڕی پێی هەبوو ! لەم ئایەتەدا وێنەی باوەڕدار دەبینین لەساتی مردندا . چونکە ئەوەی باوەڕێکی چەسپاو بەردەوامی هەبێت بە مەسیح هەرچەندە بە لاشە دەمرێ بەڵام بەڕۆح زیندوو دەبێتەوە ! هەرچەندە لاشەی دەمرێ و دەگەڕێتەوە بۆ خۆڵ بەڵام ڕۆحی هەرگیز نامرێ تاهەتایە ! ڕۆحی بەشداری دەکات لە ژیانی مەسیحی هەستاوە ، وە ژیانی تاهەتایی ئەزمون

دەکات و هەست دەکات بەوەی ژیانێکی تاهەتایی لەڕاستیدا هەیە کە مردن ناناسێت. وە لە ساتی مردندا لاشەی باوەڕدار دەگەڕێتەوە بۆ خۆڵ بەڵام ڕۆحی زیندوەو ژیانی تاهەتایی ئەزمون دەکات لەلای مەسیح ! ژیانی لەناوچووی باوەڕدار لە جەستەدا کۆتایی پێدێت بەڵام ژیانی هەتاهەتایی ڕۆحی بەردەوام دەبێت تاهەتایە .

**ج. عیسا فەرموی : " هەروەها هەرکەسێك کە زیندووە و باوەڕم پێ بهێنێت، هەرگیز نامرێت. "**

لەم ئایەتەدا وێنەی باوەڕدار دەبینین پێش مردنی . بەو شێوەیە وێنای دەکات کە زیندوە لەسەر زەوی پێش مردنی . چونکە هەر کەسێك بەڕۆح زیندوو بێت و باوەڕەکەی بەردەوام بێت بە عیسای مەسیح تامی مردنی هەتاهەتایی ناکات . بەپێی ٢ سالۆنیکی ١: ٩ "لەناوچوونی تاهەتایی" یاخود " مردنی تاهەتایی " بەڕۆح و جەستە ، دابڕان و جیاکردنەوەیە لە خۆشەویستی و چاودێری و ئامادەگی خودایی . بەڵام باوەڕدار ئەم جیابونەوەیە ئەزمون ناکات . چونکە ڕۆح و جەستەی جیانابنەوەو دانابڕێن لە ئامادەگی خودا ، ئامادەگی خۆشەویستی و چاودێری . وە تا ئەو لە زەوی بژی ئەوا ڕۆحی ژیانی تاهەتایی ئەزمون دەکات وە جەستەشی چاودێری و خۆشەویستی خودا ئەزمون دەکات . وە کاتێ جەستەی دەمرێ ڕاستەوخۆ ڕۆحی دەڕوات بەرەو ئامادەگی خودا لە ئاسمان . هەرچەندە جەستەی لەنێو خۆڵی گۆڕدا نیشتەجێ دەبێت ، بەڵام خودا هەرگیز واز لە جەستەی ناهێنێت . بەپێی یۆحەنا ٥: ٢٥- ٢٩ کاتێ مەسیح لەهاتنەوەی دوەمیدا دێتەوە ئەم جەستەیەی زیندوو دەکاتەوە . وە بەپێی فیلیپی ٣: ٢١ مەسیح جەستەی زەویمان دەگۆڕێت بۆ شێوەی جەستەی شکۆداری خۆی ! وە بەپێی ١ کۆرنسۆس ١٥: ٤٢- ٤٤ جەستەی باوەڕداران نەمرو شکۆدار دەبن !

**پوختە :**

عیسا لەئایەتی ٢٥ دا بەڵێن دەدات بە باوەڕدار کە ڕۆحی یان گیانی مردن نابینێت . وە لە ئایەتی ٢٦دا بەڵێن دەدات کە جەستەی باوەڕدار هەروەها بۆتاهەتایی خودا وازی لێناهێنێت . هەرچەندە باوەڕدار بە لاشە دەمرێ بەڵام ڕۆحەکەی نامرێ . نەك تەنها ئەمە بەڵکو لاشەی نوستوی لە نێو خۆڵ و گۆڕدا هەروەها جیانابێتەوە لە چاودێری و بایەخی خودا .

**یۆحەنا ١١: ٤٧**

**<u>پرسیاری ٣: مەبەست چی یە لە " کەنیشت " یان " سەنهەدرین " ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

ئەم "کەنیشتە" یان "سەنهەدرین" باڵاترین دەسەڵات بوو لە ئیسرائیل (مەتا ٥: ٢٢) وە باڵاترین ئەنجومەنی دەسەڵاتداری جولەکە بوو لە نێو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا . ئەم کەنیشتە لەماوەی مەکابییەکاندا دامەزرا ( نزیکەی ساڵی ١٥٠ پ.ز)، ناوەندی سەرەکی لە ئۆرشالیم بوو . لە ٧١ ئەندام پێکهاتبوون : سەرانی کاهینان ، ئەوانەی یەکێك بوون لە گرنگترین خێزانە کاهینیەکان ، وە سەرانی خێزانی جولەکەکان کە بە پیر ناودەبران ، وە نوسەران ئەوانەی شارەزابوون لە ڕاڤەکردنی پەرتوکە

پیرۆزەکانی جولەکە ، وە مامۆستایانی تەورات (شەریعەت) ئەوانەی بەردەوام ڕاڤەو شرۆڤەی زارەکیان دەکرد بۆ تەوراتی نوسراو . سەرۆکی کاهین سەرۆکی کەنیشتی سەنهەدرین بوو . وە سەنهەدرین سەرپەرشتی کاروباری ئایینی دەکرد تەنانەت بۆ ئەو جولەکانەی لەوڵاتە دوورەکانی بیانیش بوون .

**یۆحەنا ١١: ٤٩- ٥٢**

**<u>پرسیاری ٤: قەیافا کێ یە ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

قەیافا سەرۆك کاهین بوو ، وە سەرۆکی کەنیشتی سەنهەدرین بوو لەماوەی نێوان دوو ساڵ ١٨ و ٣٦ ی زایینی . بێ ئەوەی قەیافا هەست بکات دانی نا بە دوو پێشبینی گرنگدا سەبارەت بە عیسای مەسیح . چونکە ووتی باشترە عیسا بمرێ لە بری گەلی خودا ، واتە باوەڕدارانی گەلی خودا ، نەك تەنها ئەوە بەڵکو ڕۆڵە پەرتەوازەکانی خودا یەکدەخاتەوە ، واتە باوەڕدارانی نێو نەتەوە بتپەرستەکان ، وە پێکەوە دەیانکات بە یەك گەل ( بڕوانە یۆحەنا ١٠: ١٦ ؛ ١ پەترۆس ٢: ٩- ١٠).

**یۆحەنا ١١: ٤٧- ٥٣**

**<u>پرسیاری ٥: چۆن دەکرێ کەسێکی خراپەکاری وەك قەیافا پێشبینی بکات؟</u>**

**تێبینیەکان .**

**أ. مەبەستی قەیافا .**

قەیافا ووتی : " ئێوە هیچ نازانن، تێناگەن، باشترە بۆتان کە پیاوێك لە جیاتی گەل بمرێت، لەوەی کە گەل هەمووی لەناوبچێت " . ئەم تاوانبارە مەبەستێکی چاکی نەبوو لەوەی ووتی ، ئەو مەبەستی لەوەبوو کە گەلی ئیسرائیل دوای عیسا دەکەون و ئینجا ڕۆمەکان دێن و هێرش دەکەنە سەر گەلی ئیسرائیل و لەناویان دەبەن . بەڵام ئەگەر عیسا بکوژرێ ، ئەوا گەلی ئیسرائیل ڕزگاری دەبێت لە هێرش و زیانەکانی ڕۆمەکان . ئەو خۆی شاردبۆوە لە پێستی نیشتیمان پەروەریدا ، قەیافا بێ ویژدان و بێ بنەما بوو هەوڵی دەدا عیسا لەکۆڵ بکاتەوە کە بەربەست بوو لەبەردەم شکۆی و لایەنگرانیدا ! بەڵام مێژوو سەلماندی کە تەنها گاڵتەجاڕی بۆ مایەوەو هەمووی پێچەوانە دەرچوون . چونکە کاتێ جولەکە عیسای کوشت ، چارەنوسی خۆیان مۆرکرد وەك نەتەوە ، وە ڕۆمەکان ساڵی ٧٠ ز هاتن و ئۆرشالیم و پەرستگاو گەلی جولەکەیان وێران کرد ! پلان و نەخشەی قەیافا سەبارەت بە کوشتنی عیسا سەرکەوتوو بوو ، بەڵام ئەنجامەکان بەتەواوەتی پێچەوانەی مەبەستەکانی بوو !

**ب. پێشبینی قەیافا .**

بەڵام بۆچی یۆحەنا لە هەردوو ئایەتی ٥١- ٥٢ دەڵێ قەیافا لەخۆیەوە ئەمەی نەووت ، چونکە ئەو سەرۆك کاهین بوو وە پێشبینی کرد کە عیسا لەجیاتی گەلی جولەکە دەمرێت ؟ یۆحەنا فێرمان دەکات کە خودا گەورەی مێژووە ، وە هیچ شتێك ڕوونادات لە مێژوودا بەبێ بڕیاری خوداو ڕێگە پێدانی خوداو دەسەڵاتەکەی ( بڕوانە ئیشایا ١٤: ٢٤، ٢٧). خودا دەسەڵاتدار بوو بەسەر وتەکانی قەیافاوەو بەکاری دەهێنا بەپلان و دەسەڵاتدارێتی خۆی ، هەرچەندە وتەکانی واتای قوڵی هەبوو کە قەیافا بۆخۆی هەستی پێنەدەکرد . قەیافا بەبێ ویستی خۆی پێشبینی کرد بەهۆی پلەوپێگەیەوە . لە ڕۆژگاری پەیمانی کۆن سەرۆك کاهین خواستەکانی خودای دەردەخست لەڕێگەی حوکمی ئۆریمەوە (سەرژمێری ٢٧: ٢١). بۆیە ئێستا خودا ڕێگەی پێداوە پێشبینی بکات ، هەرچەندە خۆی تێنەدەگەیشت لەواتای ئەوەی دەیڵێ . بەڵام خودا واتایەکی دیکەی بەخشی بە وتەکانی قەیافا !

کاتێ قەیافا و سەنهەدرین پلانیان دانا بۆ کوشتنی عیسا ، خودا پلانی وابوو مردنەکەی وەك هۆکارێك بەکاربهێنێ بۆ ڕزگارکردنی زۆرینەی جیهان ! هەرچەندە قەیافا مەبەستەکەی گڵاو بوو ، وە بەرپرسیار بوو لەئەوپەڕی خراپەکاری لەواتای وتەکانیدا ، بەڵام مەبەستی خودا شکۆداربوو . ئەم بەشە دیمەنێکمان دەداتێ لەبارەی نهێنی پەیوەندی دەسەڵات وسەروەری خودا لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسیارێتی مرۆڤ . قەیافا بەتەواوەتی ئازاد بوو لەوەی دڵی خراپەکاری چی تێدا بوو ووتی . لەگەڵ ئەمەشدا ، خواستی خوداو دەسەڵاتەکەی هەڵبژاردەو ووتەکانی قەیافای گۆڕی ، تەنانەت ووتەکانی ئەم پیاوکوژە بوە گوزارشێك لە پلانی ڕزگاری خودا ! بێ ئەوەی قەیافای خراپەکار هەست بەوە بکات بوە بە پێغەمبەرێك . وەك چۆن لە پەیمانی کۆن ڕوویدا کاتێ خودا لەڕێگەی بەلعامی پێغەمبەرەوە دوا ( سەرژمێری ٢٣) ، ئێستاش ئەوەتا لە ڕێگەی قەیافای سەرۆك کاهینانی خراپەکارەوە دەدوێ .

**یۆحەنا ١١: ٥١- ٥٢**

**<u>پرسیاری ٦: ئایا عیسا تەنها لەپێناوی گەلی جولەکە مرد ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

نەخێر ، یۆحەنا دەڵێت : " ئەو لە خۆیەوە ئەمەی نەگوت، بەڵکو لەو ساڵەدا سەرۆك کاهین بوو، پێشبینیی کرد کە عیسا خەریکە لە جیاتی گەل دەمرێت، نەك تەنها لە جیاتی ئەو گەلە، بەڵکو تاکو ڕۆڵەکانی خودا کە پەرتەوازە بوون کۆبکاتەوە و یەکیانبخاتەوە. " قەیافا دەستەواژەی "گەلەکەمان" مەبەست لێی " گەلی ئیسرائیل" واتە یەکەیەکی سیاسی ( کە خۆی لە گەلی ئیسرائیلدا دەبینێتەوە) . بەڵام یۆحەنا ئەم دەستەواژەیەی بەواتای ڕۆحی بەکارهێنا ، چونکە ئەم دەستەواژەیە وەك گوزارشێکی ئەلتەرناتیڤە بۆ تێگەیشتن لە نازناوی "ڕۆڵەکانی خودا" . ڕۆڵەکانی خودا ئەوانەن باوەڕیان هەیە بە عیسای مەسیح ، ڕۆڵەکانی دووبارە لەدایکبوەکان . عیسا لەپێناوی دوو کۆمەڵەی خەڵك مرد : یەکەمجار لەپێناوی " ڕۆڵەکانی خودا ئەوانەی سەر بە گەلی جولەکەن" ، وە دوەم لە پێناوی " ڕۆڵە پەرتەوازەکانی خودا لە دەرەوەی گەل ، واتە "ڕۆڵەکانی خودا ئەوانەی سەر بە نەتەوە بتپەرستەکانن". عیسا مەڕی دیکە دەهێنێ کە سەر بە پشتیری نەتەوە بتپەرستەکانن ، وە کۆیان دەکاتەوە پێکەوە لەژێر دەستی یەك شواندا . وە عیسا هەمان ئەم بیرۆکەیەی دوبارە کردەوە لە یۆحەنا ١٢: ٣٢ ، کاتێ فەرموی : " کاتێك منیش لە زەوییەوە بەرز دەکرێمەوە، ئەوا هەمووان بۆ لای خۆم ڕادەکێشم . "

**یۆحەنا ١١: ٥٥**

**پرسیاری ٧: پەسخەی جولەکە کامەیە ئەوەی یۆحەنا ئاماژەی بۆ دەکات ؟**

**تێبینیەکان .**

پەسخەی جولەکە یادی دەرچوونی گەلی جولەکە بوو لە میسر بەڕابەرایەتی موسا . وە یۆحەنا ئاماژە بە سێ جەژنی پەسخە دەکات لە ماوەی خزمەتەکەی عیسا لەسەر زەوی : پەسخەی یەکەم ئەپریلی ساڵی ٢٨ ز ( یۆحەنا ٢: ١٣، ٢٣) ، وە پەسخەی دوەم ئەپریلی ساڵی ٢٩ ز ( یۆحەنا ٦: ٤)، وە پەسخەی سێ یەم ئەپریلی ساڵی ٣٠ ز ( یۆحەنا ١١: ٥٥؛ ١٢: ١؛ ١٣: ١؛ بڕوانە ١٩: ٣١). وە سێ ئینجیلەکەی تر تەنها باسی پەسخەی کۆتایی دەکەن .

**هەنگاوی ٤: پەیڕەوی بکە.** **پەیرەوکردن**

**بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

**بەشداری بکەو بنوسە:** وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە یۆحەنا ١١: ١- ٥٧.

**بیربکەوە** : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

**بنوسە** : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا دایناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون ).

**١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ئینجیلی یۆحەنا (١١) .**

١١: ٤ : بزانە کە هەرچەندە ڕەگوڕیشەی نەخۆشی لە گوناهەی جیهانەوەیە ، بەڵام هەندێ نەخۆشی دەبێتە هۆی شکۆدارکردنی خودا !

١١: ٦ : بزانە کە متمانەی ڕاستەقینە بە خودا دەتوانێ هەندێ جار وات لێبکات خاو بیتەوەو چاوەڕوان بیت پێش ئەوەی پەلە بکەیت لەبەجێگەیاندنی کارەکە .

١١: ٢٠- ٢٧ : لەگەڵ ئەوەی لۆقا ١٠ : ٣٨- ٤٢ ئاماژە دەکات بۆ مەرسا کە چالاکانە کاری دەکرد بەدەروی عیسادا نەك دابنیشێ لای پێیەکانی و گوێ لە وشەکانی بگرێ ، بەڵام لێرەدا دەبینین لە یۆحەنا ١١: ٢٠- ٢٧ دەرچوە دەرەوە بۆ پێشوازی کردن لە عیساو گوێگرتن لە وشەکانی . مەرسا گۆڕا ، تۆش دەتوانی بگۆڕێی .

١١: ٢٥ : لەگەڵ ئەوەی لاشەی ماددی باوەڕدار دەمرێ ، بەڵام ڕۆح / گیانی هەرگیز نامرێ ، بەڵکو لەئامادەگی عیسای مەسیحدا دەژی . وە لە ڕۆژی دواییدا ، هەروەها جەستەی زیندوو دەبێتەوەو ژیانی نەمری و هەتاهەتایی دەبێت و لەناو ناچێت .

١١: ٢٦ : لەگەڵ ئەوەی جەستەی ماددی باوەڕدار دەمرێ ، بەڵام ڕۆح وجەستەی هەستاوەی لە ئایندەدا هەرگیز نامرن ، وە فڕێ نادرێنە دۆزەخەوە .

١١: ٣٣- ٣٥ : دەبێت باوەڕدارانی مەسیح هاوشێوەی مەسیح بن لە هەڵوێستی توڕەبوون لەسەر گوناهە کە ڕەگوڕیشەی هەموو ئازاروخەمباریەکە ، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێت وەکو مەسیح بن لە هاوسۆزی و هاوخەمی و بەزەیی لەگەڵ خەمبارەکان .

١١: ٤٧- ٤٨ : بزانە کە هەندێ خواناس زیاتر گرنگی بە پێگەو دەسەڵاتی سیاسیان دەدەن لەوەی گرنگی بدەن بە ڕاستودروستی و شانشینی خودا .

## ٢. نمونە لەسەر پەیرەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەوێ زیاتر هاوشێوەی عیسا بم . کاتێ عیسا خەڵکی دیکەی بینی ئازاریان هەیەو خەمبارن کاری کردە ناخ و ڕۆحی ، هەروەها ئەم کاریگەریە لە ڕوخساریدا دەرکەوت . ئەو توڕەبوو لەسەر گوناهە چونکە ڕەگوڕیشەی ئازارو خەمەکانە ، بەڵام هەروەها پڕ بوو لە هەست و سۆز بەرامبەر بە خەمبارەکان . منیش دەمەوێ هەمان ئەو هەستەم هەبێت کە عیسا هەیەتی : دەمەوێ زۆر توڕەبم لە گوناهە وە سۆزداربم لەگەڵ ئەوانەی ئازار دەچێژن بەهۆی دەرئەنجامی گوناهەوە !

ب. دەمەوێ سود وەربگرم لە هەموو ڕۆژێك . خودا کاتێکی تایبەت ودیاریکراوی بۆمن دیاریکردوە تاکو بژیم لەسەر زەوی و ئەو کارو چالاکیانە بکەم کە خودا پێی بەخشیوم . وە تا بەڕوناکی وپلانی خودا ڕێبکەم ، ناترسم لەهیچ کەس وبارودۆخێك . لەهیچ ئازارێکی ڕاستەقینە سڵ ناکەمەوە ، وە نادۆڕێم ! وە بە دڵنیایی گەورەوە دەزانم کە خودا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو بارودۆخەکان و خۆی کاروبارەکان ڕێکدەخات بۆ مرۆڤ ، دەمەوێ ئەو کارانە تەواو بکەم کە لەسەر زەوی پێم سپێردراوە .

| |
|---|
| **هەنگاوی ٥: نوێژ بکە** **هاتنەدەنگ**<br>بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە یۆحەنا ١١: ١- 57 .<br>( بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا ). پڕۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر ). |

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژی داکۆکیکاری** |

**بەردەوام بن لە نوێژ** لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ئینجیلی یۆحەنا ١١.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە لۆقا ٨: ١- ١١: ٢٨. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن . خۆشەویستی و ملکەچی: تیتۆس ٢: ٤- ٥ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).

٦- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئاینده .